

# نیکۆڵ: هونەر کارێکی ئاسان نییە

نیکۆڵ شریزینگەر بە یەکێك لەو کەسایەتییانە دادەنرێت کە لە چەندین بواردا سەرکەوتووە و خاوەن بەهرەیەکی زۆرە، چونکە گۆرانیبێژ و تێکستنووسە، کەسایەتییەکی تەلەفزیۆنیی هەیە، سەماکارە، نمایشکاری جلوبەرگە و سەرەڕای ئەوەش ئەکتەرێکی دیاری بواری سینەمایە.

لە هەموو بوارە هونەرییەکاندا نیکۆڵ سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکات و جێپەنجەی دیار بێت، ئەگەرچی لەبەر سەرکەوتنی لەو بوارانەدا زۆر جار هونەرمەندان رووبەڕووی رەخنە و بێزاری و تووڕەیی جەماوەر دەبنەوە، بەڵام نیکۆڵ رایەکی تا رادەیەك جیاوازی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە هەیە و پێیوایە هیچ کارێك نییە مرۆڤ ئەنجامی بدات، بێ ئەوەی باجی هەبێت، بۆیە دەڵێت: «زۆرم لەلا سەیرە کاتێك هەندێك لە هونەرمەندان دڵتەنگی و بێزاریی خۆیان لە جەماوەر دەردەبڕن، یان بەرامبەر گرتنی چەند وێنەیەك، یان گرتەیەکی ڤیدیۆیی، هونەرمەندان زۆر بە توندی دژی رۆژنامەنووسان هەڵویست وەردەگرن، من بە هیچ شێوەیەك پشتگیری لەوە ناکەم کە ئازادیی هیچ کەسێك لەلایەن میدیاکانەوە ببەزێندرێت، بەڵام نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە ئەگەر هونەرمەند نەتوانێت سەرکەوتوو بێت و شوێنی خۆی لە دڵی بەشێکی زۆری جەماوەردا نەکردبێتەوە، نە کەس خۆشی دەوێت و نە کەسیش ئامادەیە دژی بوەستێتەوە، یان بیشکێنێتەوە، بۆیە کاتێك باسی من دەکرێت، یان رەخنەم لێ دەگیرێت، ئەو کات هەست دەکەم شتێکم کردووە»، دەربارەی خۆشەویستیی جەماوەریش بۆ هونەرمەند دەڵێ: «تاکە سەرمایەی هەر هونەرمەندێك بریتییە لە جەماوەرەکەی، بۆیە کاتێك جەماوەر هەر هەڵوێستێك بەرامبەر بە هونەرمەندێك بنوێنێت، ئەگەر بە دڵیشی نەبێت، پێویستە قبووڵی بکات، چونکە ئەمەیە باجی سەرکەوتن و پێویستە هونەرمەند خۆی لێ نەدزێتەوە.»


# برۆس ویلس بێزار بووە



ئەستێرەی سینەمای جیهانی برۆس ویلس بێزاریی خۆی لە کچەکانی دەربڕی بە هۆی پۆشینی جلوبەرگی رووت و کراوەی وەك کچە ئەستێرەکانی هۆڵیۆد، هاوکات داواشی لێکردن کە خۆیان زیاتر داپۆشن، بۆ ئەوەی کار نەکەنە سەر ناوبانگی خۆیان و خانەوادەکەیان.

ویلس رەفتاری کچەکانی بە دابەزینی ئاستی رەوشتیان ناو برد و کۆنە هاوسەرەکەی تاوانبار کرد و گوتی: ‹›هاوسەری پێشووم (دیمی مۆر) بەرپرسە لەو بارودۆخەی ئێستا کچەکانم تووشی هاتوون، من داوا لە کچەکانم دەکەم زۆر ئاگاداری خۆیان بن، بۆ ئەوەی تووشی هەمان چارەنووسی لیندسی لۆهان نەبن و دوارۆژی خۆیان لە دەست نەدەن».

ئەم لێدوانە سەیرەی ویلس دوای بڵاو بوونەوەی ژمارەیەك وێنەی نیمچە رووتی رۆمر ویلسنی کچە گەورە هات، کە لە ئاهەنگێکی تایبەت لە یانەیەکی شەوانە گیرا بوون، برۆس زیاتر گوتی: «ئەگەرچی لەگەڵ کچەکەم دەربارەی ئەم بابەتە قسەم کردووە و خۆیشیان باش دەزانن دەرەنجامی ئەم جۆرە کارانە چییە و چی دەبێت، لەم بارەیەوە نموونەی زۆرمان هەیە، وەك پاریس هیلتۆن و لیندسی لۆهان، هەرچەندە من بە هیچ شێوەیەك نامەوێ بە کچەکانم بڵێم چ جلوبەرگێك بپۆشن، یان دەست بخەمە نێو کاروباری ژیانی تایبەتییانەوە، بەڵام ناشمەوێ کچەکانم بەو شێوەیە ببینم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە زۆر بە باشی پەروەردە نەکراون»، ویلس ئاماژەی بەوە شکرد کە جگە لە خۆرووتکردنەوە و وروژاندن، چەندین رێگای دیکە هەیە بۆ ئەوەی ئافرەت سەرنجی کەسی بەرامبەر راکێشێت.




# ماگی ستایشی دایکی دەکات

کچە ئەکتەری سینەمای ئەمریکی (ماگی گریسی) دایکی خۆی بە نموونەی فیداکاری و بەخشندەیی وەسف دەکات و سەرکەوتن و بەردەوامیی لە کارە هونەرییەکانیدا بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی دایکی دەگەڕێنێتەوە، چونکە وەك خۆی باسی کردووە، لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیدا هانیداوە لە خوێندن بەردەوام بێت، لە هەمان کاتدا بۆ سەرکەوتنی کچەکەی وەك ئەکتەرێك، کاری کردووە.

ماگی لە بارەی ژیانی تایبەتی خۆیەوە لە دیمانەیەکی رۆژنامەییدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە لە دوای جیابوونەوەی دایك و باوکی، ناچار بووە ئۆهایۆ جێبهێڵێت و روو لە لۆس ئەنجلۆس بکات، هەروەها لە قۆناغی ناوەندی واز لە خوێندن بهێنێت، چونکە تووشی گرفتێکی گەورەی ئابووری بوونەتەوە، بەڵام دایکی هانیداوە لە لۆس ئەنجلۆس بە دوای حەزەکانی خۆیدا بگەڕێت و یارمەتیی داوە لە بواری هونەردا بەردەوام بێت.

ماگی دەربارەی دایکی دەڵێت: «دایکم بۆ من سەرچاوەی ئیلهامە و بە نموونەی بەرزی و نزیکترین و ئازیزترین هاوڕێی ژیانی خۆمی دەزانم، هەروەها خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم، کە دایکێکی بەم شێوەیەم هەیە، لەبەر ئەوەی دایکم بەریتانییە، منیش ئێستا خۆشەویستییەکی بێ سنوورم بۆ ئەو وڵاتە هەیە و حەز دەکەم زۆربەی کاتەکانم لەوێ بەسەر ببەم، ئەمەش هەمووی بۆ خۆشەویستیی دایکم دەگەڕێتەوە.»



# لەساڵیادی د. محەمەد ئەمین هەورامانی

## (١٩٢٨ – ٢٠١٨)ی زایینی

دارا محەمەد عوسمان

ساڵێك لەمەوبەر وەرزی پاییز بوو، وەرزی هەڵوەرینی خەزان بوو، زەردەی ئێواران، واتە خۆرئاوابوون بوو، لە کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەکانی شەودا بوو، ئا لەو ساتەوەختەدا، ئەستێرەی فەرهەنگ و ئەدەبی وڵاتی ئاریانڤاچەکان لە شارۆچکەی بیارەی ئاریانڤاچەکان، لە زێدی خۆی، لە (٢٠١٨/١١/٢٣) زایینی لە هەورامان کۆچی دوایی کرد. ساتەکانی ناسینی من بۆ هەورامانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆچڕەوەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کە هەردووکمان لە سنووری (شۆشمێ) دیسان ئاودیوی وڵاتی ئێران بووینەوە، لەوکاتەدا بوو فەرمووی: «خۆزگەم بەو کاتانەی کە گوێم لە ئاوازی (رازیانە رازیانە) بوو، کە لە ساڵی (١٩٧٩) زایینی لە تیڤیی کەرکووك دەتگوت، ئا لەو کاتەوە ویستوومە نامەت بۆ بنێرم، بەڵام رۆژگار وای کرد، ئێستا کە رۆژی کۆچڕەوە بە دیدارت شاد بووم»، فەرمووی: «هەر چی کتێبم چاپ کردووە، هەموویانت پێشکەش دەکەم»، دیارە ئەوە بۆ من سەرمایە بوو، چونکە مامۆستا و بیرمەندی ئازیزم، فرە شارەزای مێژووی (ئاڤێستا و دەوڵەتی ماد و میدیا و زاگرۆسنشینەکان و دەوڵەتی حەوزەی سیروان، دەوڵەتی خڤە نیرەتە) بوو، هەروەها لە زمانەوانیدا لە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی شارەزا بوو. ساڵ هات و چوو، ماوەیەك لە ئێران و ماوەیەك لە سویسرا ژیانی بە سەر برد، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠١ گەڕایەوە و، ئیدی لەو ساتەوە تا کۆتایی ژیانی، من هەر لە خزمەتیدا بووم، پێکەوە زۆرمان لەو بوارانەی کە لەسەر هەورامان دەخوێندەوە و لە هەمان کاتدا ئەو بواری مێژوویی دەنووسی و منیش لە بواری موزیکی هەورامان کە مامۆستا و بیرمەند زۆر یارمەتیدەرم بوو.

مامۆستا هەورامانی کتێبخانەکەی کە دووهەزار کتێبی تێدا بوو، لەگەڵ خانووەکەی کە سێ نهۆمە، پێشکەش بە زانکۆی هەڵەبجەی شەهیدی کرد، بەڵام زانکۆش وەك پێویست یادی نەکردەوە، بۆیە داوام وایە ئەمساڵ کۆنفرانسێکی ئەدەبی و مێژوویی بۆ ئەو زاتە فەرهەنگییە لە زانکۆی هەڵەبجەی شەهید بگیرێت.

ئەمەش ناوی کتێب و ئەو مەقالانەیە کە لە ژیانیدا بەرهەمی هێناون:

١-چۆن دەبیتە مامۆستایەکی سەرکەوتووی زمانی ئینگلیزی، وەزارەتی کاروباری باکوور یارمەتیی چاپکردنی داوە، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)– بەغدا، ساڵی ١٩٧٢ زایینی.

٢- فۆنەتیکی زمانی کوردی (دار الجاحظ) ساڵی ١٩٧٤ بەغدا بە یارمەتیی کۆڕی زانیاریی کورد.

٣- سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی (چاپخانەی مەعاریف)ساڵی ١٩٧٤ بەغدا .

٤- ما کتب عن اللغة الكردية، (مطبعة المجمع العلمي الكردي) ساڵی ١٩٧٨ بەغدا.

٥- زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن (دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن ) ساڵی ١٩٨١ بەغدا.

٦- کاکەیی، لە سەر ئەرکی عەلی بۆسکانی (لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کوردی) ساڵی ١٩٨٤ بەغدا.

٧- دیوانی میرزا ئۆلقادری پاوەیی (لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کوردی) ساڵی ١٩٨٤ بەغدا.

٨- رۆشنبیریی وەلی دێوانە، ئەمینداریێتیی گشتی و رۆشنبیری لاوان، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری (مطبعة علا) ساڵی ١٩٧٩ بەغدا.

٩- فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ، ئەمینداریێتیی رۆشنبیری و لاوان، (مطبعة سومر) ساڵی ١٩٨٧ بەغدا.

١٠- زمانی ئاڤێستا، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن ( دار الحريه) ساڵی ١٩٨٨ بەغدا.

١١- لەیلێ و مەجنوون، ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیری و لاوان (مگبعه علا) ساڵی ١٩٨٥ بەغدا.

١٢- مێژووی رێبازی زمانی کوردی (زانکۆی

سەلاحەدین) ساڵی ١٩٩٠ بەغدا.
١٣-زارە کوردییەکان (مگبعە صلاح الدین) ساڵی ١٩٨٧بە هاوکاری ( کامیل بەسیر، کوردستان موکریانی، سادق بەهائەدین).
١٤- فەرهەنگی زار و ئیدیۆمی زمانی کوردی، ئەمینداریتیی رۆشنبیری لاوان، چاپخانە ی سومر ساڵی ١٩٨٩ بەغد.
١٥- کوردی شێوەزار (لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد) ساڵی ١٩٩٠ بەغدا.
١٦-فەرهەنگی ئینگلیزی – کوردی بە هاوکاری (ئیحسان فۆئاد، عەبدوڵا شاڵی، خەلیل حەماش) بۆ قوتابیانی ناوەندیی و ئامادەیی ساڵی ١٩٨٩ بەغدا.
١٧- مێژووی هەورامان، چاپخانەی (بلخ)، تاران ١٣٨٠ی هەتاوی بەپێی رۆژژمێری ئێران.
١٨- گوڵزاری هەورامان، بەشی یەکەم و بەشی دووەم، ساڵی (٢٠٠٤چاپخانەی ئاراس- هەولێر).
١٩- رەسەنایەتیی زمانەکەت بناسە، ساڵی٢٠٠٥(چاپخانەی ئاراس- هەولێر).
٢٠- بەراوردێ نێوان زمانی کوردی و ئاڤێستادا (چاپخانەی سەردەم) ساڵی ٢٠٠٥سلێمانی.
٢١- مێژووی جوگرافیای کوردستان لە ئاڤێستادا ساڵی ٢٠٠٦ (چاپخانەی ئارس- هەولێر).
٢٢- فەرهەنگی ئاریانڤاچ – کوردیی کۆن و کوردی نوێی، ساڵی ٢٠٠٨(وەزارەتی رۆشنبیری- هەولێر ).
٢٣- مێژووی هەورامان بەرگی دووەم، چاپخانەی چوار چرا، ساڵی ٢٠١٦سلێمانی.
٢٤ - هەندێ لە لاپەڕەکانی ژیانم، چاپخانەی چوارچرا، ساڵی ٢٠١٤سلێمانی.
ئەمە کۆی ئەو بەرهەمانە بوو لە ژیانی خۆیدا بەرهەمی هێناون و بە چاپی گەیاندوون.
ب- چەندین مەقالەی دەربارەی زمانناسی نووسیوە:
١-ئامرازی (لە) لە ترازووی بەراورددا، گۆڤاری کاروان، (ژ ٣٨) ساڵی ١٩٨٥ ی زایینی.
٢- پریپۆزیشنی (بە) لە زمانی کوردیدا (گۆڤاری رۆشنبیری نوێ (ژ ١٠١) ساڵی ١٩٨٤ ی زایینی.
٣- تەماشاکردنێکی سەرپێیی زاری سۆرانی و زاری هەورامی ( گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، ب٢،ژ ٢، بەغدا ساڵی ١٩٧٤ لاپەڕە ( ١١٧ -١٦٥.
٤- (دا) لە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردیدا (گۆڤاری کاروان (ژ ٢٠) لاپەڕە (٣٨- ٤٧) ساڵی ١٩٨٧ ی زایینی.
٥- رێنووس پەیرەوی زمانناسی بکا باشە، گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی) ژمارە ١٠ ٢، لاپەڕە ( ٨٨-٩١ ) ساڵی ١٩٨٧زایینی.
٦- زاراوەی ناتەواو، گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی) ژ ٣ ساڵی سێیەم، سلێمانی ساڵی ١٩٧٩ ی زایینی.
٧- زمانەکەت لە کوێوە هاتووە (گۆڤاری بەیان بەشی یەکەم، ژ ١٧ بەغدا ساڵی ١٩٧٣، بەشی دووەم (ژ ١١) بەغدا ساڵی ١٩٧٣، بەشی سێیەم، (ژ ١٣) بەغداساڵی ١٩٧٤، بەشی چوارەم ژ ١٧) بەغدا ساڵی ١٩٧٤ ی زایینی.
٨- کورد واتەنی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، بەشی یەکەم (ژ ٦٤) بەغدا ساڵی ١٩٧٨ی زایینی.
٩- (کە) لە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری کاروان (ژ ١٢) ساڵی ١٩٨٣ ی زایینی لەگەڵ وتاری بەیان و رێنووسی کوردی بەیان، گۆڤاری بەیان، (ژ ٣٠) بەغدا ساڵی ١٩٧٥ ی زایینی.
١٠-وشەی (هەورامان) لە چییەوە هاتووە، گۆڤاری (رۆژی کوردستان) بەغداساڵی ١٩٧٥ی زایینی.
ج- ئەم بیرمەندە جگە لەو بابەتانەی باسم کردن، دیوانێکی شیعری بە هەورامی نووسیوە.

هەورامان وەشەن بووم و مەزدایا
هەورامان پیرۆز بە ئاڤێستایا
یاگی زەمزەمە و
مەزدا یەسنایا
پەنا واو زێدو
ماناو مادایا
*****
هەورامان زادگا و ئاریزانتەکان
ئاتەشگاو دینی مانا و مادەکان
بەیەری دوگێ رەویەش وەستەرە
دوسی و برایەتی نیازی پاکی
*****
هەورامان پیرۆز، ئاریانڤاچ زەمین
زادگای سپیتام،پیرۆز دنیا و دین
یەکەم دەستوورش کاری کردارێی
پەی ئاوا کەردەی زەمین و زاریی
********
هەورامان کانگاو حەکیم و ژیران
یاگێ دانایا و زانایا و پیران
دووەم دەسوورش واچەی بەسوودا
یانێ موچیاریی و یۆ گرتەی خەڵکش
*******
هەورامان ( زەم ) و هورمز یەسنایا
ئاریانڤاچ (بووم) و مەزدا پەرسایا
موچیاری یەرەم نیاز و نیهادەن
خاس باریش بەرهەم پێوە گرد بە جەم.

